دەبێت گوێڕایەڵ بیت وفەرمانەکان جێبەجێ بکەیت: لە کاتی ناڕەحەتی وهێوریدا، ولە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکە بە چالاکیەوە یان بە ناچارییەوە، ولە کاتێک کە مافت دەخورێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەبێت گوێڕایەڵ بیت وفەرمانەکان جێبەجێ بکەیت: لە کاتی ناڕەحەتی وهێوریدا، ولە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکە بە چالاکیەوە یان بە ناچارییەوە، ولە کاتێک کە مافت دەخورێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕێنموێنی ئەوە دەکات کە پێویستە مسوڵمان گوێڕایەڵ بێت وفەرمانەکان جێبەجێبکات لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەگەر فەرمانەکە تاوان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە نەبێت، یان شتێک نەبێت کە لە توانایدا نەبێت، بەڵام ئەگەر هەندێک جار تووشی قورسی وناڕەحەتی یان خواردنی هەندێک لە مافەکانی بوو دەبێت سەبر وئارام بگرێت ئەمیش بەهۆی پێشخستنی بەرژەوەندی گشتی مسوڵمانان وپاراستنی وڵات وخاکی مسوڵمانان لە فیتنە وئاژاوە وناکۆکی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6368